www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا  12:06 14-10-2006

## رونکردنەوەیەک لە وتەبێژی رەسمی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانەوە

لە ژمارە 295 رۆژی 2006/10/11 ی هەفتەنامەی هاولاتیدا لەسەر زاری منەوە وەك وتەبێژی فەرمی وەزارەت هەوالێك بلاوكراوەتەوە گوایە من لە لێدوانێكمدا بۆ هاوولاتی گوتومە وەزارەت بە نیازە دوو پرۆفیسۆر داوەت بكات بۆ ئامادەبون لە دادگاییكردنی سەدام و داروودەستەكەیدا.

دەمەوێت ئەو راستییە بۆ هەموولایەك رون بكەمەوە كە دوورو نزیك لەو بارەیەوە هیچ لێدوانێكم بۆ هەفتەنامەی ناوبراو نەداوەو ئەو كەسەی كە هاتوەتە لای من خۆی بە پەیامنێری رادیۆی نەوا ناساندوەو من بۆ نەوا قسەم كردوە نەك بۆ هاولاتی.

لەوەش سەیرتر ئەو بەرێزە زۆرێك لە قسەكانی منی تێكەڵ كردوە وناوی پرۆفیسۆرەكان و جێگاكانیان و لەوەش خراپتر ئەوەیە كە من لە قسەكانمدا بەرێزو سوپاسەوە ناوی ناوەندی هەڵەبجەی دژبە ئەنفالو جینۆسایدی كورد chak م هێناوە كە ئەوان دەسپێشخەریان كردوە

بۆیە هەق وایە ئەمانەتی رۆژنامەگەری بپارێزرێت و كاری لەو جۆرە دوبارە نەبێتەوە و بە دڵنیاییەوە دوبارە دەیڵێم هیچ لێدوانێكم بۆ هاولاتی نەداوەو هێمن مامەندی پەیامنێریش وەك پەیامنێری رادیۆ خۆی ناساندوە و لە رێگەی تەلەفۆنەوە دەنگەكەمی داوەتە ستۆدیۆی نەوا نەك هەفتەنامەی هاولاتی و راستی ئەوەشم بە هاولاتی گەیاندوە.

نامق هەورامی
وتەبێژی رەسمی وەزارەت
2006/10/11
هەولێر